

# آلترناتیو

سال چهاردهم
دوره‌ی چهارم
شماره پانزدهم
مهر ۱۴۰۵

## چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ سیامەند موعینی
## (ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری پژاک)

- متمانە بە کردار دروست دەبێت، نە بە دروشم
- پێویستە ژن پێشەنگی گۆڕانکاریە دیمۆکراتیکەکان بکات
- کورد پێویستی بە یەکگرتوویی، پرۆژەیەکی ڕوون و ستراتیژییەکی تۆکمە هەیە

**سیاسەتی ستراتیژی دیپلۆماسی ئێمە لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەییە**

# آلترناتیو

ارگان رسمی حزب حیات آزاد کوردستان/پژاک

آلترناتیو مجله‌ی سیاسی، ایدئولوژیک و اجتماعی

سال چهاردهم، دوره‌ی چهارم، شماره‌ی پانزدهم

مهر ۱۴۰۵

۱۵

SEPTEMBER 2026

مرکز مطبوعات
حزب حیات آزاد
کوردستان


آثار نوشتاری، نظرات، انتقادات و پیشنهادات خویش را برای ما ارسال نمایید

تحریریه حق انتخاب و ویرایش آثار را برای خویش محفوظ می‌داند.


telegram:
PJAKMEDIACENTER
Gmail:
PJAKMEDIACENTER@GMAIL.COM

# وتەی دەستپێک

هەندێک قۆناغ هەن کە کۆمەڵگە چیتر ناتوانێت بە وەڵامەکانی دوێنێ، پرسیارەکانی ئەمڕۆی خۆی وەڵام بداتەوە. ئێران لەبەردەم کۆمەڵێک پرسیاری گەورەی سەبارەت بە داهاتوودایە؛ پرسیار لەسەر دیموکراسی، ئازادی، مافەکانی گەلان و چۆنیەتی دروستکردنی کۆمەڵگەیەک کە تێیدا دەسەڵات نەبێتە موڵکی دەستەیەکی دیاریکراو، بەڵکوو لە خزمەتی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا بێت. لەو ساتە هەستیارەدا، پرسیار تەنها ئەوە نییە کە چی دەبێت بگۆڕدرێت؛ بەڵکوو پرسیاری قووڵتر ئەوەیە کە دوای گۆڕان، چی و بە چ میکانیزمێک دەبێت دروست بکرێت؟

ئەم ژمارەیە هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوە لە هەمان ئەو پرسیارانە؛ لە «ژن ژیان ئازادی» و شوێن و ڕۆڵی ژنان و گەنجانەوە، تا پرسی کورد، خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیک، دیپلۆماسی و داهاتووی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات. ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ سیامەند موعینی، زیاتر لەوەی کۆمەڵێک وەڵامی کۆتایی بێت، بانگهێشتێکە بۆ بیرکردنەوە لە داهاتوو؛ داهاتوویەک کە ئەگەر بڕیار بێت لە ڕابردوو جیاواز بێت، دەبێت لەسەر بنەمای کۆمەڵگەیەکی هۆشیار، ڕێکخراو و خاوەن ویست بنیاد بنرێت؛ کۆمەڵگەیەک کە تەنها داوای گۆڕان ناکات، بەڵکوو خۆی خاوەن و دروستکەری ئەو گۆڕانەش دەبێت



# چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ
# سیامەند موعینی
# (ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری پژاك)

**سیامەند موعینی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری پژاك، لەو کەسایەتییە سیاسییە کوردانەیە کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام لەسەر دۆخی سیاسیی ئێران، داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پرۆسەی دیموکراتیزەکردن و ڕۆڵی کۆمەڵگە و نەتەوەکانی ئێران لە داهاتووی سیاسیی ناوچەکە قسەی کردووە. لەم گفتوگۆیەدا، سیامەند موعینی بە وردی لەسەر قەیرانەکانی ئێران، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، «ژن ژیان ئازادی»، مافی کورد، خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیک، دیپلۆماسیی کوردی، ڕۆڵی گەنجان و ژنان و پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەدوێت**

## ئێران لە بەردەم چیدایە؟

**ئەڵتەرناتیڤ: هەواڵ سیامەند، ئێوە باس لە قەیرانی قووڵی سیاسی، ئابووری و پێکهاتەیی لە ئێران دەکەن. ئەگەر لە دەربڕینە گشتییەکانی وەک «قەیران» و «گوزار» تێپەڕین، ئێران لە ئێستادا بە وردی لە چ قۆناغێکدایە؟ گرنگتر لەوەش، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت خۆی بۆ چ سیناریۆگەلێک ئامادە بکات؟**

**سیامەند موعینی:** لەگەڵ ڕێز و حورمەتم بۆ ئێوە و خوێنەرانی

هێژاتــان، ئەگــەر لــە قەیــران و گــوزار لــە سیســتەم دەربــاز بیــن، ئێــران لــە ئێســتادا لــە قۆناغێکــی ئاڵــۆزی پێکهاتەیــی و گــوزار و گواســتنەوەی سیاســی، کۆمەڵایەتــی دایــە. مەبەســت

**ئێـران لـە بەرەبەیانیـی گـۆڕان؛ کاتێـک داهاتـوو تەنها یەک ڕێگا نییە**

**قەیرانـی سیاسـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی ئێـران قۆناغێکـی ئاڵـۆزی پێکهاتەیـی دروست کـردووە؛ لـەو بارودۆخـەدا ڕۆژهەڵاتـی کوردستان دەبێـت خـۆی بـۆ چەندین ئەگـەری داهاتـوو و دەرفەتێکـی مێژوویـی ئامـادە بـکات**

لــە "قەیرانــی پێکهاتەیــی" ئەوەیــە کــە کێشــەکان تەنهــا بــە یــەک بــوار، وەک ئابــووری یــان سیاســەت، ســنووردار نابن، بەڵکــو لــە نێوان بــواری سیاســی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و پرســی ژن و ژینگەییەکاندا، پەیوەندییەکــی دووڵایەنــە هەیــە. بۆیە هەر گۆڕانێــک لــە یــەک بــواردا دەتوانێــت کاریگەرییەکــی زنجیرەیــی لەســەر بوارەکانــی دیکــە دابنێــت. لــە بــواری ئابوورییــەوە، بەرزبونــەوەی نرخــەکان، لاوازیــی وەبەرهێنــان، دابەزینــی بەهــای تمەنــی ئێرانــی، کێشــەکانی وزە و ئــاو و کاریگەریــی ســزا ئابوورییــەکان، هــاوکات کــە ڕژێمــی توشــی شــۆک کــردووە، فشــاری زیاتریشــی لەســەر ژیانــی خەڵک دروســت کــردووە. لــە بــواری سیاســی و کۆمەڵایەتییــەوە، زیادبوونــی ناڕەزایەتییــە کۆمەڵایەتییــەکان و کەمبوونەوەی متمانە بــە دەســەڵات و دابەزینــی بەرچــاوی شــەرعیەتی ئایدۆلۆژیکــی مەزهەبــی دایــە. لــە ڕوویەکــی دیکەشــەوە، فشــارە دەرەکییــەکان و ئاڵۆزییــە ناوچەییــەکان هەمــوو پرۆســەکانی ناوخۆیــی ئاڵۆزتــر کــردووە. ئێــران خوێندنەوەیەکــی ڕئالــی لــە سیاســەتی گلوبــاڵ نەبــوو و بەشــێوازێکی ئایدۆلۆژیــک لــە پرســی سیاســەتی ئەمریــکا و گلوبــاڵ نزیــک بوونــەوە. بۆیــە سیاســەتی ئێــران نەیتوانی وەڵامــدەرەوەی سیاســەتی گلوبــاڵ بێــت. هەڵســەنگاندنی داهاتــووی ئێــران بــە پێشــبینیکردنی یــەک ئەنجــام ســنووردار

نابێت، بەڵکو پێویستە چەندین سیناریۆ لەبەرچاو بگیردرێت

بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم دۆخە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە گرنگیی تایبەتی هەیە. کۆمەڵگەی کوردستان لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی کێشە ئابوورییە گشتییەکانی ئێران و کێشە تایبەتییە ناوچەییەکانیش دەبێتەوە، و هاوزەمان ڕژێم بە ڕوانگەیەکی ئەمنیەتیەوە ڕووبەڕووی ئەو ناوچەیە دەبێتەوە. بۆیە ئامادەبوون بۆ داهاتوو نابێت تەنیا لە چوارچێوەی چاوەڕوانیی "گۆڕانی سیاسی" بێت، بەڵکو پێویستە لەسەر بەهێزکردنی دامەزراوە مەدەنییەکان، بەرزکردنەوەی توانای ڕێکخستنی کۆمەڵگا و بوار ڕەخساندن بۆ توانای ڕووبەڕوو بوونەوە و بەهێزکردنی پاراستن لەگەڵ دۆخە جیاوازەکان بێت. بەواتایەکی تر پێویستە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەکاری لەدایک بوونی دەرفەتی مێژوویی سەردەم بێت

گۆڕانی سیستەمێکی ئایینی کە ڕیشەی لە ناو جەماوەری دواکەوتوی کۆمەڵگەدا هەیە بە ئاسانی ناچێتە پێش. پێویستی بە بەرەیەکی بەهێز هەیە کە بتوانێت متمانەی جەماوەری بەدەست بهێنێت. لە چەند هەنگاودا دەکرێت ئەو ڕەوشە پێک بێت. یەکەم کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەیەکی تۆکمە و بەهێز ساز بکەن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەگەرەکانی دواڕۆژی گۆڕانکاریەکان (ئێستا هاوپەیمانی هەیە بەڵام بەو لاوازێتیە تێرکەر نیە). پەیوەندی لەگەڵ گەلانی تری ناو جوغرافیای ئێران چڕتر بکرێتەوە و بە شێوازێک متمانەی ئەوان بەدەست بهێنن. بەرەیەکی ئێرانی لەگەڵ گەلان و حیزبەکانی تری ئێران بکرێتەوە و بەڕێگەی تەمرینی دیموکراسی تێگەیشتنێک ساز بکرێت کە بەرەی شۆڤێنیزم لاواز و بەرەی دیمۆکراسیخوازی بەهێز بکرێت (کۆنگرەی ئازادی ئێران). لێرە پێویستە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیتر یەکدەست کار بکات و ئیزن بە دەستی شاراوەی نەیاری ئازادی کورد لەو پارچەیە نەدات و حیزبەکانیش پێویستە خۆیان لە کۆمەڵێک کۆت و بەند ڕزگار بکەن و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە تابلۆی تێکۆشانیان

**چـــوار ســـاڵ دوای «ژن ژیـــان ئـــازادی»، بەڕاســـتی چـــی گـــۆڕاوە؟**

**ئەڵتەرناتیــڤ: ئــەم بزووتنەوەیــە لــە کوردســـتانەوە دەســـتی پێکـــرد و بۆ سەرانســەری ئێــران باڵو بــووەوە. بـــەاڵم ئەگـــەر ئەمـــڕۆ نـــە بـــە دروشـــم، بەڵکـــوو بـــە ئەنجامەکانـــی هەڵســـەنگاندنی بـــۆ بکەیـــن، بەڕاســـتی کام هاوکێشـــەی سیاســـی و کۆمەاڵیەتـــی گـــۆڕاوە و چـــی هێشــتا وەک خــۆی ماوەتــەوە؟ چی دەتوانێــت «ژن ژیــان ئــازادی» لــە ڕاپەڕینێکــی مێژوویيــەوە بگۆڕێــت بۆ پرۆژەیەکــی سیاســی و کۆمەاڵیەتیی بــەردەوام؟**

**ســیامەند موعینــی:** لــە دەســتپێکی ســـەرهەڵدانی شـــۆڕشـــی ژن ژیـــان ئـــازادی دا، ئـــەو ڕووداوە مێژووییـــە وەک ڕێنسانســـێکی زهنیەتـــی پێناســـە کــرا و ئــەو پێناســەیەش تەعریفێکــی سیاســی کۆمەاڵیەتــی لێدەکەوێتــەوە کــە گۆڕانکاریــەکان لــە پرۆســەی زەمانــی و لــە نــاو کۆمەڵگــەدا پێــک دێــت. ئێســتا چــوار ســاڵ بەســەر گیانبەختکردنــی ژینا تێپــەڕ دەبێــت و ئــەو شۆڕشــە زهنیەتیــە هەمــوو ڕیشــاڵەکانی کۆمەڵگــەی ئێرانــی گرتۆتــەوە کــە ئەگەر بەشــی کوردســتانی لێـــدەر بکەیـــن، وەک کۆمەڵگەیەکـــی کۆنســـەرواتیڤ و مەزهەبـــی دەتوانیـــن پێناســـەی بکەیـن. ژنـان خەریکـن لە زۆر بوارەوە پێشـەنگایەتی دەکـەن و زهنیەتی پیاوانـی ڕەگ ئەسـتور و پاتریـارکال بـە شـــێوازێکی ئەرێنـــی گۆڕانـــی بەســـەردا هاتـووە، ئەڵبەتـە ئـەوە بـەو مانایـە لێـک نەدرێتـــەوە کـــە پیاوســـاالری و ئـــەو

**«ژن ژیـان ئـازادی»؛ شۆڕشـێک کە لە زهنییەتەوە دەستی پێکرد چوار ساڵ دوای گیانبەختکردنی ژینـا، کاریگەریـی شۆڕشـی ژن ژیـان ئـازادی لـە کۆمەڵگـەدا بەردەوامـە؛ بـەاڵم گۆڕینـی زێهنییـەت پرۆسـەیەکی درێژخایەنە و هێشتا پیاوساالری و سیستەمی سەرکوت بەردەوامن**

زهنیەتـە تـەواو گـۆڕاوە. گۆڕانـی زهنیەت زەمانێکی زۆری پێویســتە و لە پرۆســەدا و بــە پــەروەردە ئــەو ڕوانگەیــەش گۆڕانکاری نســـبی بەســـەردادێت. هـــەر وەکـــی

باسمان کرد، ئەو شۆڕشە زهنیەتیە وەک خۆی ناکرێت ببێتە پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی بەڵکوو پێشەنگانی ئەو روانگەیە دەتوانن لە سەر بەستەری ئەو زهنیەتە و گۆڕانکاریەکان پرۆژەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابڕێژنەوە کە لە بەرژەوەندی و هاوڕاستای ئەو شۆڕش و زهنیەتەدا بێت. شۆڕشی (ژن ژیان ئازادی) بابەتی حیجاب و مافی ژنان لە کێشەیەکی تاکەکەسییەوە گۆڕی بۆ پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گشتی. هەرچەند یاسا و سیاسەتەکانی حیجابی زۆرەملێ هێشتا بە تەواوی نەسڕاونەتەوە و دەسەڵات هێشتا بە شێوەی جۆراوجۆر جێبەجێی دەکات، بەڵام بەرگریی بەرفراوانی ژنان لە دژی ئەم سیاسەتانە بووەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە. لە ئاستی سیاسی، دەبێت وێنەکە بە وردی ببینین. تا ئێستا دەسەڵات و دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەردەوامن و سیستەمی سیاسی بە گۆڕانێکی بنەڕەتی نەچووەتە قۆناغێکی نوێ. لە هەمان کاتدا، کوشتنی نارازیان، دەستگیرکردن، بەکارهێنانی سزای ئێعدام و فشار لەسەر چالاکان بەردەوامە و تەنانەت زیادیشی کردووە.

## چۆن دەتوانرێت ڕێگە لەوە بگیرێت کە پرسی کورد جارێکی دیکە لە پرسی گشتیی ئێراندا بتوێتەوە؟

**ئەڵتەرناتیڤ: ئەگەر سبەی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ئێران دروشمی «ژن ژیان ئازادی» و دیموکراسی قبووڵ بکات، بەڵام لەسەر مافی چارەنووس، خۆبەڕێوەبەری یان مافە سیاسییەکانی کورد هاوڕا نەبێت، ئایا هێشتا دەتوانرێت باس لە سەرکەوتنی ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە بکرێت؟ چ گەرەنتییەک هەیە کە لە پرۆژەیەک بە ناوی «دیموکراتیزەکردنی ئێران»، پرسی کورد جارێکی دیکە بۆ داهاتوویەکی نادیار دوا نەخرێت؟**

**سیامەند موعینی:** یەک بابەت پێویستە جەختی لەسەر بکەمەوە کە پرسی کورد ناتوانرێت لە ناو پرسی گشتی ئێراندا بتوێتەوە، بەڵکوو دەتوانێت هاوڕاستا لەگەڵ پرسی گشتی ئێرانی بۆ دیموکراتیزاسیۆنی

سەراسەری هاوکار بێت. بۆ ئەوەی پرسی کورد جارێکی دیکە لە پرسی گشتیی ئێراندا نەتوێتەوە، پێویستە لە سەرەتاوە ئەو بنەمایە قبووڵ بکرێت کە **دیموکراسی تەنها بە مانای گۆڕینی حکومەت یان هەڵبژاردنی ئازاد نییە، بەڵکو دیموکراسی پەیوەندی بە شێوازی دابەشکردنی دەرفەتەکان و بەرپرسیاریەتیەکان**

**کوردستان نابێت لە داهاتووی ئێراندا بتوێتەوە**

**دیموکراتیزەکردنی ئێران تەنها بە گۆڕینی حکومەت یان هەڵبژاردنی ئازاد تەواو نابێت؛ ماف، ناسنامە، بەشداریی سیاسی و شێوازی بەڕێوەبردنی کوردستان دەبێت لە بنەمای پرۆژەی داهاتوودا جێگای خۆی هە بێت**

**بۆ هەموو کۆمەڵگە هەیە.** ئەگەر کۆمەڵێک ماف لە پرۆژەی گشتیی داهاتووی ئێراندا پشتگوێ بخرێت، ئەوا گۆڕینی ناوی سیستەم بە تەنیا ناتوانێت دڵنیایی لە دیموکراتیکبوونی پێکهاتەی نوێ بدات

کوردستان تا رادەیەک هۆمۆژێنە و تا رادەیەک لەگەڵ خواستی ناوەندی ئێرانی زاویەی هەیە و کێشەکانیش دەگەڕێتەوە زهنیەتی پاوانخوازی نەتەوەیی و ناوەندگەرایی و شۆڤێنیزمی ئێرانی کە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا ریشەی داکوتاوە. کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە خۆی بەرێکخستن بکات و لە چوارچێوەی پرسە دیموکراتیکەکاندا لەگەڵ هەموو ئێران هاوهەنگاو بێت و هاوکات پرسی داخوازە دیموکراتیکەکانی خۆی شلوێ نەکات و ئەو پرسانە بزر و فەرامۆش نەکات. پرسی کورد لە ئێران تەنیا پرسی زمان و ناسنامە و کلتوور نییە، بەڵکو گرێدراوی پرسی بەشداریی سیاسی، پەرەپێدانی ناوچەیی، دابەشکردنی دەرفەتەکان و شێوازی بەڕێوەبردنی ناوچە کوردنشینەکان و هۆویەت و ناسنامەی نەتەوەیشە. لەبەر ئەوە، یەکێک لە گرنگترین پرسیارەکان ئەوەیە کە "دیموکراتیزەکردنی ئێران" چۆن پێناسە دەکرێت؟. ئەگەر

دیموکراسی تەنها بەو مانایە بێت کە حکومەتێکی نوێ لە تاران دامەزرێت، بەڵام هەمان سیستەمی ناوەندیی دەسەڵات بمێنێتەوە ئەوە تەنیا گۆڕینی رومەتەکانە، ئەوە لەلایەن کوردەوە پەسەند ناکرێت. کورد نەتەنیا بەشداری لە خەباتی گشتی ئێراندا دەکات بەڵکوو بۆ ماف و ئازادی گەلەکەمان لەگەڵ هیچ هێزێک ناکەوێتە سەودا و دانوستانەوە. پێویستە بە روانگەیەکی رئال، چاو لە سیاسەت و پلان و کردەوەی جیهانی و بەتایبەت پلان بۆ رۆژهەڵاتی ناوین بکەین. بۆیە روناکبیر و کەسایەتی کورد و حیزبەکانیش پێویستە قووڵتر بابەتەکان لێک بدەنەوە و لە سەر ئەساسی تێگەییشتنێکی زانستیانە و رئال هەنگاو بنێنەوە و ستراتژیک پرسی کورد بۆ داهاتوو دابڕێژنەوە

## «خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک» لە ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکدا واتای چییە؟

**ئەڵتەرناتیڤ: ئێوە «خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک» وەک پرۆژەیەک بۆ داهاتووی ئێران پێشنیار دەکەن و دەڵێن ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێت ببێتە نموونەیەک بۆ داهاتووی ئێران. ئەگەر ئەم بیرۆکەیە لە ئاستی تیۆرییەوە بهێنینە ناو ژیانی ڕۆژانە؛ ئەگەر سبەی ئەم مۆدێلە لە سنە، کرماشان یان مەهاباد جێبەجێ بکرێت، کێ لەسەر پەروەردە، ئابووری، بودجە، باج، سەرچاوە سرووشتییەکان، بەڕێوەبردنی شار و ئاسایش بڕیار دەدات؟ کێش لە بەرامبەر خەڵکدا بەرپرسیار دەبێت؟**

**سیامەند موعینی:** خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک، ئەگەر تەنیا وەک چەمکێکی سیاسی بمێنێتەوە، ناتوانێت وەڵامی ژیانی رۆژانەی خەڵک بداتەوە. بەڵام ئەگەر بمانەوێت ئەم چەمکە لە ئاستی تیۆرییەوە بخرێتە ناو ژیانی خەڵکەوە، گەڵێک پرسیار دەکەونە ناو مێشک، کێ بڕیار دەدات؟ بە چ دەسەڵاتێک؟ لە کوێوە بودجە دێت؟ و کێ لە بەرامبەر خەڵک بەرپرسیارە؟ و ... . بۆ نموونە، ئەگەر مۆدێلی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک لە سنە، ورمێ، مەهاباد یان کرماشان

بەڕێوەبچێت، شێوازی مودیریەت چۆن دەستنیشان دەکردرێت؟ پێویستە و دەبێت خەڵکی ناوچەکان بتوانن لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە و هاوکات ڕاستەوخۆ نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن

**خۆبەڕێوەبەری؛**
**کاتێک دیموکراسی دەبێتە ژیانی ڕۆژانە**

**خۆبەڕێوەبەری تەنها چەمکێکی سیاسی نییە؛ بڕیاردان، بودجە، پەروەردە، شەفافیەت، چاودێری و لێپرسینەوە دەبێت لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەدا دەربکەون**

و ئەو نوێنەرانە توانای ئەوەیان هەبێت بۆ بڕیاردان لەسەر بەشێک لە کارە ناوخۆییەکان. بۆ وێنە لە بواری پەروەردەوە، مودیریەتی خۆبەڕێوەبەری دیمۆکرات دەتوانێت بڕیار بدات لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان، پەرەپێدانی زمانی کوردی لە پەروەردە و ناوەڕۆکی پەروەردەیی کە پێوەندی بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی ناوچەکەوە هەیە. لە هەمان کاتدا، پەروەردەی هاوبەشی نیشتمانی و مافە یاساییە گشتییەکان دەتوانرێت لە ئاستی فیدراڵیدا بمێنێتەوە. کۆمەڵێک پرسی تەکنیکی و پراکتیکی هەن کە لەم کورتە باسەدا ناتوانین وەڵام وەربگرینەوە. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، کێ و چ سازیەک بەرپرسیارە؟ ئەگەر حکومەتێکی ناوچەیی دەسەڵات و بودجەی هەبێت، دەبێت خەڵک بتوانێت ئاگادار بێت ئەو بودجەیە لە کوێوە هاتووە و چۆن خەرج کراوە. بە واتایەکی تر **خۆبەڕێوەبەری بەبێ شەفافیەت، چاودێری و لێپرسینەوە، تەنیا دەبێتە گواستنەوەی دەسەڵات و لە چوارچێوەی جەوهەری خۆیدا وەک مودیریەتێکی دیموکراتیک نامێنێت.** ئاسایشی ناوچەکە گرێدراوی ناوچەی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک دەبێت و پێویستە پەیوەندیەکی سیستماتیک و ئۆرگانیک لەناوبەری ناوچەی خۆبەڕێوەبەر و حکومەتی کۆنفیدراڵ یان فیدراڵ هەبێت

## چی ڕێگە لەوە دەگرێت

## کە «پێشەنگ» خۆی ببێتە «دەسەڵات»؟

**ئەڵتەرناتیڤ: پژاک باس لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پێشەنگایەتیی سیاسی دەکات. بەڵام ئەزموونی زۆرێک لە شۆڕشەکان نیشانی داوە کە هێزێک کە بۆ ئازادی خەبات دەکات، دەتوانێت دوای بەدەستهێنانی دەسەڵات خۆی ببێتە پێکهاتەیەکی ناوەندگەر. سنووری نێوان «پێشەنگایەتیی کۆمەڵگە» و «بڕیاردان لە جیاتی کۆمەڵگە» لە کوێدایە؟ چ میکانیزمێک گەرەنتی دەدات کە پژاک خۆی ڕۆژێک نەبێتە بەشێک لەو کێشەیەی کە ئەمڕۆ ڕەخنەی لێ دەگرێت؟**

**سیامەند موعینی:** خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە هیچ ئایدیۆلۆژیەکی شۆڕشگەر و یان دەسەڵاتێک، هەرچەند باوەڕی بە دیموکراسیش هەبێت، بە تەنیا گەرەنتی نیە کە ڕێکخراوێک یان ڕێبەر و پێشەنگ کە دەگاتە دەسەڵات، لە حوکمڕانی دوور بمێنێتەوە. گەرەنتییەکە بەشداری و بەرێکخستن بوونی کۆمەڵگەی مەدەنیە. ئەو کۆمەڵگەیەش پێویستی بە کلتوری دیموکراسی و ڕێزلێنان بۆ رای جیاوازی هەیە. هاوکات کۆمەڵگە پێویستی بە دامەزراوە و میکانیزمی چاودێری بۆ گۆڕینی دەسەڵات و توانای پێشگیری لە گەندەڵی و قۆرخکردنی دەسەڵاتی هەبێت. جیاوازی لە نێوان پێشەنگایەتی و بڕیاردان لە جیاتی کۆمەڵگە هەیە، پێشەنگ دەتوانێت ڕۆڵی ڕێکخەر و ڕوونکەرەوەی سیاسی هەبێت، بەڵام کاتێک بڕیارەکانی خەڵک لە جیاتی خەڵک بدات، ئەوکات مەترسی ئەوە زۆرە کە پێشەنگ لە ڕێکخەرەوە بگۆڕدرێت بە نوێنەری سەرەکی دەسەڵات و ڕۆڵی شۆڕشگەری خۆی بزر بکات.

بۆ ئەوەی دوای ئازاد بوونی وڵات، مەترسی ئەوەی پژاک بۆخۆی نەبێتە بەشێک لەو کێشەیە، پێویستە هاوزەمان تێکۆشانێکی پاراڵێل بکردرێت بۆ بەستەرسازی دوارۆژ. بەشێک لەو مکانیزمە دیموکراتیکانە یانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیمۆکراسی جەماوەری و ئاسۆیی(افقی) بەهێز بێت و بونیادی پەروەردەیەکی سالم لەبواری دیموکراسی

و مافخوازی هەبێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە دەرفەتی بەربەرەکانی دژی گەندەڵی و داسەپاندنی نادیموکراتیکی هەبێت. بەشداری خوارەوە بۆ سەرەوە، دەسەڵاتی سنووردار، شەفافیەت لە هەموو بوارەکانەوە، گۆڕینی ئەندامان

**پێشەنگ نابێت ببێتە جێگرەوەی کۆمەڵگە**

**هیچ ئایدیۆلۆژیا و ڕێکخراوێک بە تەنیا گەرەنتیی دووربوونەوە لە دەسەڵاتگەرایی نییە؛ پاراستنی ئازادی بە دامەزراوەی سەربەخۆ، چاودێری، شەفافیەت و توانای کۆمەڵگە بۆ سنووردارکردنی دەسەڵات پەیوەستە**

و ڕێبەرانێکی بەرژەوەندخواز، و هیچ کەسێک نەبێتە ڕێبەری هەمیشەیی، گەل بتوانێت زانیاریی جیاواز ببینێت و پێشنیاری جیاواز بخاتەڕوو. دامەزراوە ئیدارییەکان پێویستە سەربەخۆ کار بکەن وەک دادگا، دەزگای چاودێری، کۆمەڵە مەدەنییەکان. دامەزراوەکانی کۆمەڵگە نابێت تەنها بەشێک بن لە هەمان زنجیرەی فەرمانی، دەسەڵاتی کەمینە، دیموکراسی تەنیا دەنگی زۆرینە نییە، کەمینەکانیش دەبێت توانای ڕێگری لە زۆرەملێی زۆرینەیان هەبێت. ئەگەر پڕاک بڵێت ئێمە خۆمان لە دەسەڵاتی ناوەندگەرایی دەپارێزین، ئەگەر پڕاک لە داهاتوودا دەسەڵاتی زیاتری کۆکردەوە، کام دامەزراوە توانای ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی یاسایی و سیاسی بە پڕاک بڵێت "بوەستە"؟ ئەگەر هیچ دامەزراوەیەکی سەربەخۆ نەبێت کە پێشی فراوانخوازی بگرێت ئیتر ئەوە سیستەمەکە زۆر پشت بە نیاز پاکی ڕێبەر دەبەستێت کە ئەوەش هەڵەیەکی هەستیاری ئیداری و مودیریەتە. بەڵام لە تیۆری دامەزراوەیی، سیستەمێکی بەردەوام نابێت تەنها پشت بە نیازپاکی ئەو کەسانە ببەستێت کە لە دەسەڵاتدان. ئەم پرسیارە بە گشتی کێشەی هەموو ڕێکخراوە پێشەنگەکانە

لە مێژووی شۆڕشەکاندا زۆر جار ڕێکخراوێک بە ناوی ڕزگارکردنی کۆمەڵگە دەست بە کۆکردنەوەی دەسەڵات دەکات، دواتر پاساوەکەی

ئەوە دەبێت کە بۆ پاراستنی شۆڕش پێویستە ناوەندییەکی بەهێز هەبێت. لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەمە دەتوانێت ببێتە پارادۆکسی پێشەنگ، هێزێک کە دەڵێت دەسەڵات دەبێت بۆ کۆمەڵگە بگەڕێتەوە، ئەگەر خۆی بە گوێرەی بەرژەوەندی کۆمەڵگە نەچێتە پێش، دەتوانێت ببێتە ئەو ناوەندەی کە دەسەڵات لە دەستی کۆمەڵگە دەردەهێنێت. بە کورتی **باشترین پارێزەر لە دژی دەسەڵاتگەرایی، باوەڕ بە نیازی باشی ڕێبەرەکان نییە؛ بەڵکوو مکانیزمێکە کە بتوانێت ڕێبەریکی خراپیش سنووردار بکا و پێشی زیادەڕەوییەکانیان بگرێت**

**کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەند لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە یەک دەگرێتەوە کە حیزبەکان باسی دەکەن؟**

**ئەڵتەرناتیڤ: ئەوەی نوێ لەگەڵ بێکاری، کۆچ، قەیرانی ئابووری، کێشەکانی ژینگە، مادە هۆشبەرەکان، گۆڕانی شێوازی ژیان و کەمبوونەوەی متمانەی سیاسی ڕووبەڕووە. زۆرێک لە گەنجانیش خۆیان بە هیچ حیزبێکی سیاسییەوە نابەستنەوە. ئایا حیزبە کوردییەکان توانیویانە لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانە خۆیان بگۆڕن؟ پژاک چۆن دەیەوێت «ڕێکخستنی کۆمەڵگە» بۆ گەنجێک کە یەکەم نیگەرانییەکانی کار، داهاتوو و چۆنیەتیی ژیانە، بکاتە شتێکی ڕوون و هەستپێکراو؟**

**سیامەند موعینی:** لە بۆچوونی پژاکدا، کۆمەڵگەیەکی بەڕێکخستنکراو دەتوانێت پارێزەری دیموکراسی و مافە سروشتیەکانی کۆمەڵگە و تاکیش بێت، بۆیە ئەو کۆمەڵگەیە ئەساس دەگرێت. ئەمە لە ڕووی تیۆرییەوە جیاوازە لە مۆدێلی ئەو حیزبایەتییەی کە تەنها دەیانەوێت دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. لێرە ڕووبەڕووی ئەوە دەبینەوە کە هەر تیۆرییەکی سیاسیش دەبێ لە ژیانی ڕۆژانەدا بتوانێت ئیدەکان پراکتیزە بکات. بۆیە پرسیاری سەرەکی لە پژاک ئەوە نییە کە ئایا گوتاری نوێی چارەسەری بۆ ئەو پرسە هەیە یان نا، بەڵکو ئایا پژاک دەتوانێت

نێوان "ئازادی و کۆمەڵگەی ئەخلاقی" لە یەک لا، و کار، داهات، تەندروستی کۆمەڵایەتی، ژینگە و داهاتووی تاک، پرسی ژن، مادە هۆشبەرەکان، کەم بوونەوەی متمانەی سیاسی و غەیرە لە لایەکەوە و لە لایەکی ترەوە وەڵامی هەیە بۆ ئەم پرسانە؟ لە بواری تیۆریکەوە وەڵامەکە ئەرێنییە، بەڵام چۆن بە پراکتیزەی دەکات و چ مکانیزمێکی گونجاو بۆ ئەو رووبەڕوو بوونەوە بەکار دەهێنێت گرنگە **ئەگەر نەتوانێت مکانیزمێکی گونجاو بە کلتوری سەردەم و لە چوارچێوەی فکر و خواستی گەنجان بدۆزێتەوە ئیتر تووشی بەربەست دەبێت و لە دیدی گەنجێکی ئەمڕۆدا دەتوانێت هەر وەک گوتارێکی سیاسیی دیکە بمێنێتەوە.** ئەگەر پژاک بتوانێت، ئەوە دەتوانێت ببێتە بەستەرێک بۆ شێوازێکی نوێی بەشداریی گەنجان و بەشەکانی تری کۆمەڵگەش. گوتارێکی راست لە دەورەیەکی تایبەت، دەتوانێت وەڵام بداتەوە

راستە بێکاری و گرفتی بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان و بە دەیان گرفتی ئابوری و سیاسی و ئەمنیەتیش یەخەی گەنجی ئەو سەردەمەی گرتووە و هیچ ئاسۆیەکیش لە چارەسەری ئەو گرفتە رۆژانەی کۆمەڵگەی خۆیدا نابینێت، بەڵام سەرەڕای ئەوە دیسان هیوای بە تێکۆشانی ئازادی هەیە و دەزانێت بە ئازادی وڵاتەکەی دەرفەت بۆ چارەسەری کۆمەڵێکی زۆر لەو گرفتانەی ئێستا کە بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەت گەنجانی گرتۆتەوە و ئەویش سەرچاوە لە روانگەی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێرانی ئیسلامی دەگرێت دەربار دەکات، بۆیە گەنجی بەهەست ئەورۆ تێکۆشان دەکات بۆ ئازادی و گەیشتن بە مافەکانی خۆی

## دیپلۆماسیی پژاک چ دەستکەوتێکی دیاریکراوی هەبووە؟

**ئەڵتەرناتیف: لە ساڵانی دواییدا پژاک چالاکییە دیپلۆماسییەکانی خۆی لە ئەورووپا و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان زیاد کردووە. ئەگەر هاووڵاتییەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بپرسێت: «ئەم کۆبوونەوە و دیدارانە بەڕاستی**

**چییان لە ژیان یان پێگەی سیاسیی ئێمە گۆڕیوە؟» وەڵامی ئێوە چییە؟ پێوەری ئێوە بۆ پێوانەکردنی سەرکەوتنی دیپلۆماسیی پژاک چییە؟**

**سیامەند موعینی:** دیپلۆماسی دەبێ وەک نەهادێک و پردێک لە نێوان ئێمە(کورد) و ئەوان ببینین. هەڵبەت گەلی کوردیش یەکدەست نیە و من ناکەومە ناو وردەکاریەوە. گەلی کورد پێویستی بە خۆناساندن و پێشکەش کردنی پرۆژە و ستراتیژی تۆکمە هەیە. بۆ ئەوەی سیاسەتی جیهانی تێبگات کە پرۆژەی کلۆنیالیزمی ئەورووپا بۆ ناوچەکە و بەتایبەت بۆ کورد چ نەهامەت و وێرانیەکی هێناوە، ئێمە لە پەرلەمانی بەریتانیا و فەڕەنسا ئەو مژارەمان وەبیر هێنانەوە و سەرکۆنەمان کرد کە پرۆژەی ئەوان یانی سایکس پیکۆت و پەیمانی لۆزان، نە تەنیا کوردیان توشی نەهامەت و کوێرەوەری و قڕ کردن هێنا بەڵکوو نەتەوەکانی تریش ئاسوودەییان بەخۆیانەوە نەبینیوە و هاوزەمان ئاڵترناتیڤمان بۆ باس کردن. گەلی کورد پێویستە بە یەکگرتوویی و پرۆژەی تایبەتەوە لەگەڵ هەموو ئەکتەرانی جیهانی بکەوێتە دانوستان و بۆ مافی گەلی کورد لە هەموو پۆتانسیەلەکان کەڵک وەربگرێت.

ئەگەر لە بیرتان بێت پژاک لە ساڵی ٢٠١٨ پرۆژەیەکی ١٠ خاڵی پێشکەش کرد کە بۆ ئێستاش هەر تازەیە. ئەگەر ئەوکات سیاسەتی گشتی

> **دیپلۆماسیی کوردی؛ لە ناساندنەوە بۆ پرۆژە**
> **کورد بۆ ئەوەی دەنگێکی کاریگەر لە جیهاندا بێت، پێویستی بە یەکگرتوویی، پرۆژەیەکی ڕوون و ستراتیژییەکی تۆکمە هەیە؛ ناساندنی پرسی کورد بە تەنیا بەس نییە**

کوردی لە ڕەوشەکە تێگەییشتبا، ئێستا ڕەوشمان لە بواری دیپلۆماسیەوە زۆر چالاکتر و لە پێشتر دەبوو. ئێمە بە نۆرەی خۆمان وەک پژاک کۆمەڵێ پەیوەندی و میکانیزمی لۆبیگەریما هەیە کە تا ئاستێک دەتوانم بڵێم بەو دەرفەت و ئیمکاناتەی هەمانە

دەسـتکەوتی هەبـووە. گرنـگ ئەوەیـە ئێسـتا سـەرەڕای لۆبیگـەری ناونەتەوەیـی پێویسـتە وەک کـورد و یـا ناوەندێکـی وەک کۆنگـرەی نەتەوەیـی ڕۆژهـەڵات ئەرکـی دیپلۆماسـی بگرێتـە سـەر شـانی خۆیـان کـە بـە بـڕوای مـن کاراتـر دەبێـت. ئێمـەش بـە نـۆرەی خۆمـان ئەو پەیوەنـدی و لۆبیگەریـە دەکەیـن کـە هێـز و توانامـان دەرفەتمـان دەداتـێ.

## سـەربەخۆیی دیپلۆماسـیی کـوردی بەڕاسـتی لـە کـوێ تاقـی دەکرێتـەوە؟

**ئەڵتەرناتیـڤ: لـە بارودۆخێکـدا کە ئێـران، تورکیـا، ئەمریکا، ئیسـرائیل، وڵاتانـی ئەورووپـا و هێزەکانـی دیکـە هـەرکام بەرژەوەندیـی خۆیان هەیـە، کـورد چـۆن دەتوانێـت لـە دەرفەتـە نێودەوڵەتییـەکان کەڵـک وەربگرێـت، بەبـێ ئـەوەی ببێتـە ئامرازێـک لـە ململانێـی هێزەکاندا؟ ئەگـەر هێزێکـی دەرەکی پشـتگیری لـە مافەکانـی کـورد بـکات، چـی هەیـە کـە پـژاک لـە بەرامبـەر ئـەم پشـتگیرییەدا، لـە هیـچ بارودۆخێکدا ئامـادە نییـە قبووڵـی بـکات؟**

**سـیامەند موعینـی:** پرسـێکی سەرنجڕاکێشـە، ئێـوەش بـاش دەزانـن سیاسـەت لـە وڵاتانـی سـەرمایەداری لەسـەر ئەساسـی بەرژەوەنـدی ئابـوری، سیاسـی و سـتراتژیک معامەلـەی لەسـەر دەکـەن، جـاری واش هەیـە بـۆ خـۆش کردنـی ڕێـگا و دەرفەتـەکان بۆخۆیـان تەنانـەت بەشـێوازی تاکتیکیـش نزیـک دەبنـەوە. دیپلۆماسـی و لۆبیگـەری سـەدەی ٢٠م لـە سـەردەمی شـەڕی سـارد و دونیـای دوو بلۆکـی، دۆسـت و دوژمـن ئاسـانتر بـوو لێکیـان بکەیـەوە، بـەڵام ئەمـڕۆ لـە سـەردەمی دونیـای نیۆلیبراڵیسـتیدا جیاوازتـرە. ئەگـەر زۆر بـە کورتـی و سـادە بابەتەکـە بـاس بکـەم، ئەوەیـە کـە دەرفـەت بـۆ کـورد لـەو سـەردەمەدا زۆر گونجـاوە بـۆ ئـەوەی بتوانێـت هـەم لـە کاناڵـی لۆبیگەریـەوە دیپلۆماسـی بـکات و هەمیـش بـە خوێندنـەوەی سیاسـەت و پـرۆژەی زلهێـزەکان و ئەکتەرانـی وڵاتانی ناوچەکە بـۆ دواڕۆژ. گرنگـە دەرفەتـەکان و هاوکات مەترسـیەکانیش بـاش ئانالیـز بکردرێـن و بەپێـی ئەو ڕەوشـە سـتراتیژی سیاسـەتی نیشـتیمانی دابڕێژرێتـەوە کـە هاوهەنـگاو کـورد لەگـەڵ سیاسـەتی گلوبـاڵ وەک

سۆبژەیەک و ئەکتەرێکی بەهێز خۆی دەربخات.

ئەو دەوڵەتانە ئۆبژێکتیڤ و ئەبزاری

**لە جیهانی هێزەکاندا، کورد چۆن سەربەخۆ بمێنێتەوە؟**
**دەرفەتە نێودەوڵەتییەکان هەمان کات مەترسیش لەگەڵ خۆیان دەهێنن؛ دیپلۆماسیی کورد دەبێت لە نێوان کەڵکوەرگرتن لە پشتیوانیی دەرەکی و پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتیمانی هاوسەنگی دروست بکات**

نزیک هەڵسوڕاوانی سیاسی کورد دەبنەوە و بەداخەوە زۆر جاریش ئەو کوردانە کە بەرژەوەندی و خوێندنەوەیەکی جیاوازیان هەیە لە جیاتی بۆ گەل و وڵاتەکەیان تێکۆشان بکەن، دەبنە ئەبزارێکی کاتی ئەو هێزانە و زۆر جاریش من بۆخۆم توشی هاتووم کە هەندێک حیزب کە بەرژەوەندیان لەوە دا نیە ڕەوتی کورد ببێتە پرسێکی ناونەتەوەیی وێنایەکی باش لە کورد نادەن، ئەوان بە ڕێکاری جیاواز بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەر دەپارێزن و زۆر جاریش بەربەست بۆ کەسی نیشتمانپەروەر ساز دەکەن و هەوڵی ڕەش کردنیان لە ساحەی دیپلۆماسی و سیاسەتدا دەدەن. پێشتریش باسمان کردووە کە هەر وەک چۆن لە ساحەی سیاسەتدا مەترسی و دەرفەت بەیەکەوە هەیە، لە ساحەی دیپلۆماسیشدا ئەو دەرفەت و مەترسیانە ڕووبەڕوویان دەبینەوە. دیپلۆماسی کورد کۆمەڵێک دۆستی لە سیاسەتی جیهانیدا پەیدا کردووە

لێرە دەتوانم ئەوە بڵێم کە پژاک لە چوارچێوەی پەیوەندیەکانی خۆیدا هەمیشە بەرژەوەندی نیشتیمانی و ستراتژیکی گەلی کورد لە رۆژهەڵات ئەساس دەگرێت و ئەوەش تا رادەیەک ڕەنگدانەوەی خۆی لە ناوەندەکانی جیهانیدا هەبووە

## بۆچی کورد هێشتا خاوەنی دیپلۆماسییەکی هاوبەش و بەهێز نییە؟

**ئەڵتەرناتیڤ: ساڵانێکە باس لە یەکگرتوویی و هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**دەكرێت و ئێوەش جەخت لە پێویستیی هاوئاهەنگیی هێزە كوردییەكان دەكەنەوە. بۆچی هێشتا جیاوازییە حیزبییەكان ڕێگرن لە بەردەم دروستبوونی میكانیزمێكی دیپلۆماسیی هاوبەش و بەردەوام؟ پرسیارێكی قورستر: ئەگەر ڕۆژێك بەرژەوەندیی حیزبیی پژاك لەگەڵ بڕیاری هاوبەشی هێزە كوردییەكان بكەوێتە ناكۆكییەوە، كامیان دەبێت پێش بخرێت؟**

**سیامەند موعینی:** لە ئەساس دا لە ساڵی ٢٠١٦وە پژاك بە هەستی بەرپرسیاریەتیەوە دەستی هاوكاری بۆ هەموو حیزبەكانی ڕۆژهەڵات درێژ كرد و دوایی پرۆژەی ١٠ خاڵی پێشكەش بە حیزبەكان و جەماوەر كرد. دوای ماوەیەكی زۆر ئێستا لەدوای ٨-٩ ساڵان ناوەندێك دروست بووە. كارێكی باشە بەڵام بۆ ئەو سەردەمە تێركەر نیە و زۆر بەجێماون. دیسان پێشنیار دەكەم ناوەندێكی دیپلۆماسی هاوبەشی حیزبەكان ساز بكرێت. ئەو ناوەندە دەتوانێت لە سیاسەتمەدار و ئێلیتی زانای گەلەكەمان لە دەرەوەی بازنەی حیزبی كەڵك وەر بگرێت و حیزبەكان یان بڵێین ئەو ناوەندە هاوكاریە دەرفەت و ئیمكان بۆ ئەو ناوەندە دیپلۆماسیە ئامادە بكات كە ئەوان بتوانن بە شێوازێكی سیستەماتیك و پرۆفیشناڵ لەم قۆناخە هەستیارەی مێژووییدا دەستكەوت بۆ گەلەكەمان مسۆگەر بكەن. ئەوە دەتوانێت ئەنجامگیر بێت.

سیاسەتی ستراتژی دیپلۆماسی ئێمە لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەییە بۆیە لەسەر ئەو ڕێچكەیەش بەردەوام دەبین تا گەیشتن بە ئازادی وڵاتەكەمان

## ئەگەر جەنگ هاوكێشەكانی ئێران بگۆڕێت، هەڵوێستی پژاك چی دەبێت؟

**ئەڵتەرناتیڤ: لە ناوچەیەكدا كە جەنگ دەتوانێت لە ماوەی چەند ڕۆژێكدا هاوكێشە سیاسییەكان بگۆڕێت، ئایا بەشداری‌نەكردنی كورد لە جەنگێكدا كە ئامانجەكانی هی هێزەكانی دیكەیە، بۆ پژاك پرەنسیپێكی ستراتیژییە یان بڕیارێكە كە بە بارودۆخەوە بەستراوەتەوە؟ ئەگەر**

**جەنگێکی دەرەکی دەسەڵاتی ئێران بە توندی لاواز بکات و لە هەمان کاتدا دەرفەتێکی سیاسی بۆ کورد دروست بکات، سنووری نێوان «کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتێکی مێژوویی» و «بوون بە بەشێک لە پرۆژەی هێزێکی دەرەکی» لە کوێ دادەنێن؟**

**سیامەند موعینی:** ئێمە پێویستە واقعبینانە چاو لە سیاسەت بکەین. لە پرسێکی پێشتردا باسی ئەوەم بۆ کردی کە دونیای گلوباڵ و سەدەی ٢١م جیاوازی خۆی هەیە. سەردەمی شۆڕشەکانی ئازادیخوازی لە دونیای دوو جەمسەریدا دەرفەتی دەدا بە کۆمەڵێک نەتەوە و ئاکتۆری سیاسی. دەمێکە ئەو شۆڕشانە ئەنجامێکیان نەگرتووە. گرنگ ئەوەیە کە سیاسەتی ئێمە لەو راستایەدا بێت کە گەل و نیشتمان ئازاد بکەین و دەرفەتێکی مێژووییش بدرێتە رەوتی ئازادیخوازی و دیموکراتیزاسیۆن بۆ ئێران. ئێوەش باش دەزانن کە پرسی کورد پرسێکی دەگمەنە و پێویستە رێگاچارەی عەقڵانی بۆ بدۆزرێتەوە.کورد دەتوانێت لەم قۆناخە قەیراناویەی ئێران لە هەموو دەرفەتەکان کەڵک وەربگرێت بۆ ئەوەی گەلەکەمان هەنگاوێک لە ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی خۆی نزیک بکاتەوە

ئەگەر حکومەتی ئێران زەرفیەتی ئەوەی هەبا کە مافە دیموکراتیکەکانی کورد و نەتەوەکانی تر دەستەبەر بکات ئەوە باشترین هەڵبژاردەیە، بەڵام

**دوای بۆشایی دەسەڵات؛ کۆمەڵگە چۆن خۆی بەڕێوە دەبات؟**

**ئەزموونی ١٩٧٩ نیشانی دا کە گۆڕانی ناوەندی بە تەنیا بەس نییە؛ لە قۆناغی گۆڕاندا خۆڕێکخستن، پلانی ستراتیژی و توانای کۆمەڵگە بۆ خۆبەڕێوەبردن دەبنە پرسیاری سەرەکی**

دەزانین کە ئەو حکومەتە تۆتالیتەرە هیچ زەرفیەتێکی دیموکراتیکی تێدا نیە، بۆیە گەلی کورد لەگەڵ گەلانی تری ناو ئێران و ئازادیخوازان، هاوکار بن و بە یەکەوە لە هەموو دەرفەتەکان

کەڵک وەربگرن بۆ گەیشتن بە ئازادی. هەموو کەس دەزانێت کە ئامریکا و وڵاتانی زلهێز بە شێوازێکی هیومانیستی چاو لە چارەسەری پرسەکان بەتایبەت پرسی کورد ناکات و ئەوان دەپرسن قازانجی ئێوە بۆ وڵاتی من چیە؟، ئیتر گرێدراوی ئەوەیە کە سیاسەتی کوردی ئەو بەرژەوەندیە چۆن بەیەکەوە گرێ دەداتەوە کە نەبێتە ئۆبژە و ئەبزاری ئەو وڵاتانە

**ئەگەر دوای گۆڕانکاریی سیاسی، دەسەڵاتی ناوەندی نەتوانێت وڵات بەڕێوە ببات، چی دەکەن؟**

**ئەڵتەرناتیڤ: با وا دابنێین گۆڕانکارییەکی لەناکاو لە تاران ڕوو دەدات و بۆ ماوەیەک بۆشایی دەسەڵات دروست دەبێت؛ نە دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز هەبێت و نە ئاڵتەرناتیڤێکی سەرانسەری کە لەسەری ڕێککەوتن هەبێت. پلانی کرداریی پژاک بۆ ٢٤ کاتژمێر و هەفتەکانی یەکەم چییە؟ ڕێگرتن لە توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە، بەڕێوەبردنی شارەکان، دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵک، پاراستنی ئاسایش و دانوستان لەگەڵ هێزەکانی دیکە چۆن بەڕێوە دەبرێت؟ لەو ساتەدا یەکەم ئەولەویەتی ئێوە چییە: دروستکردنی پێکهاتەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکگرتوویی کورد، یان ڕێککەوتنێکی سەرانسەری لەسەر داهاتووی ئێران؟**

**سیامەند موعینی:** ئەو سناریۆیەی باست کرد لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ ڕۆژهەڵات هاتە پێش، کورد خێرا خۆی بەڕێکخستن کرد، بەڵام بە هۆکاری لاوازی ڕێبەری و نەبوونی پلانی ستراتژیک و نەبوونی هاوڕاستا بوون لەگەڵ سیاسەتی جیهانی، زۆر نەیتوانی خۆی بپارێزێت. ئەگەر سناریۆیەکی بەو جۆرەی جەنابت کێشاوتەوە کە من پێم وانیە بەو فۆرمە بچێتە پێش، بەڵام پژاک وەک هێزێکی کارامە پێویستە بیر لەهەموو سناریۆکان بکاتەوە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەست ئەو قاتڵانە دەربهێنێت و بە شێوەیەکی گشتی یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە خۆی بەڕێوە ببات. هاوکات

پێویسته بەردەوام لەگەڵ ناوەندیش لە دیالۆگ دابێت و ئەگەر بە ئەنجامێک لە گەڵ ناوەند نەگەییشت و کورد رووبەڕووی شۆڤێنیزم و ناوەندگەرایی فاشیزمی ئێرانی هاتەوە ئەوە پێویستە ئەوەندە بەهێز بێت کە ئیتر گەل و وڵاتی خۆی بپارێزێت. دامەزراندنی خۆبەڕێوەبەری دیمۆکراتیک باشترین ئەڵتەرناتیڤە و بە باوەڕی من دیدگای سیاسەتی جیهانیش بە نیسبەتی ساڵانی ٨٠کان گۆڕاوە و دەکرێت لە بەرژەوەندی کورد ڕێنوێنی بکردرێت

**لە سیستەمی داهاتوودا ژنان بەڕاستی لە کوێ خاوەنی دەسەڵاتی بڕیاردان دەبن؟**

**ئەڵتەرناتیڤ: «ژن ژیان ئازادی» ژنی خستە ناوەندی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئازادیی ژنیش بەشێکی سەرەکی لە گوتاری پڕاکە. بەڵام ئەگەر لە ئاستی تیۆری تێپەڕین، لەو پێکهاتەیەی ئێوە بۆ داهاتوو وێنای دەکەن، ژنان بە وردی لە کوێ و بە چ شێوەیەک دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بڕیاردانیان دەبێت؟ چۆن دەتوانرێت جیاوازیی نێوان بەشداریی ڕاستەقینەی ژنان و تەنها بوونیان لە ناونیشان و پۆستە سیاسییەکان بناسرێتەوە؟**

**سیامەند موعینی:** ئەگەر بە شێوازێکی زهنیەتی نزیک ئەو پرسە نەبینەوە و رئالیزمی واقعی کۆمەڵگەی ئێران چاو لێبکەین، دەزانین ژن لە کوردستان و تەنانەت لە ئێرانیش پێگەیەکی سیاسی بەهێزیان هەیە بەڵام بەردەوام ڕووبەڕووی دیواری بتۆنی زهنیەتی پاتریارکات(پیاوساڵاری) دەبنەوە و ئەوەش بۆ ژن ئاسان نیە. بەڵام بە خۆشیەوە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بووەتە هەوێنی رێنسانسی زهنیەتی و بەستەر خۆش دەکات بۆ ئەوەی ژنان و پیاوان، زۆرتر پێداگر بن بۆ دەستەبەرکردنی مافە دیمۆکراتیکەکان و شان بە شانی یەکتر لە مودیریەتی کۆمەڵگەدا هاوکار بن. ژن پێویستە پێشەنگی گۆڕانکاریە دیمۆکراتیکەکان بکات

**١٣. کوردانی دەرەوەی وڵات چ ڕۆڵێکیان لە داهاتوودا هەیە؟**

**ئەڵتەرناتیڤ: ئەمڕۆ بەشێکی**

**بەرچاو لە کۆمەڵگەی کورد لە ئەورووپا و شوێنەکانی دیکەی جیهان دەژین و نەوەی دووەم و سێیەمی کۆچبەرانیش هەویەت و تێڕوانینێکی سیاسیی جیاواز پێک دەهێنن. دیاسپۆرای کورد چی باشتر دەبینێت و بەهۆی دووری لە کوردستان چی لەوانەیە نەیبینێت؟ چۆن دەتوانرێت ڕێگە لەوە بگیرێت کە ئەو سیاسەتەی لە بروکسل، بەرلین یان لەندەن سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەبێت، لە ڕاستییەکانی ژیانی سنە، کرماشان و مەهاباد دوور بکەوێتەوە؟**

**سیامەند موعینی:** کوردانی دیاسپۆرا، ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە ناساندنی کلتوور و داب و نەریتی کوردستان. لە بەشی سیاسی بە هۆکار سەرنەکەوتنی ئەزموونە سیاسییەکانی پێشتر و خاو بوون لە سیاسەت، بەگشتی زۆر خۆ لە قەرەی سیاسەت نادەن و دوورە پەرێزن. حیزبەکانیش هیچ پرۆژەیەکی بەرچاو و عەمەلیان بۆ گەنجان نەبووە، سەرەڕای ئەوەش بەشێک لە گەنجان کە بەدوای کۆمەڵێک پرسەوە دەگەڕێن لە بواری شوناسی نەتەوەییەوە تێدەکۆشن بەپێی زانستی خۆیان پاراستنی ئەو شوناسە بکەن، ئەوە باشە و هەنگاوێکی ئەرێنییە. ئێستا بەشێک لەو گەنجانە کەوتوونەتە ناو سیاسەتی ئەو وڵاتانەی ژیانی تێدادەکەن و کۆمەڵێکیشیان سەرکەووتوو بوون

ئەگەر وڵات ئازاد بێت و ئەوانە بەشێکیان بگەڕێنەوە دەتوانن پارمەتیدەرێکی گەورەی کۆمەڵگەی خۆیان بن. کۆمەڵێکیان خوێندنی ئاکادمیکیان هەیە، یان تەجروبەیان بەدەست هێناوە و لە زۆر بواردا پسپۆڕیشیان بەدەست خستووە. ئەو کەسانە سەرمایەیەکی گەورەن بۆ کوردستان. بۆ ئەوەی ئەوانە بتوانن خزمەتی گەل و وڵاتی خۆیان بکەن پێویستە دەرفەت و ئیمکاناتیان بۆ ساز بکرێت کە بتوانن ئەو زانستەی خۆیان بخەنە خزمەت وڵاتەکەیان. لەچوارچێوەی سازی و دەزگای ئیداری ئەوانە دەتوانن ئەزموون و زانستی خۆیان بگوێزنەوە بۆ وڵات

## بۆچی کۆمەڵگە دەبێت متمانە

**به پژاک بکات؟**

**ئەڵتەرناتیڤ: ئەگەر کەسێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نە ئەندامی پژاک بێت و نە بە تەواوی لەگەڵ بیر و پرۆژەی سیاسیی ئێوە هاوڕا بێت، بۆچی دەبێت متمانە بە پژاک و پرۆژە سیاسییەکەی بکات؟ ئەگەر لە جیاتی باسکردن لە دەستکەوتەکان، داواتان لێ بکرێت دوو یان سێ لاوازی یان هەڵەی گرنگی پژاک ناو ببەن کە پێویستە ڕاست بکرێنەوە، ئەوانە چین؟ ئەگەر بتوانن بەشێک لە ڕابردوو دووبارە بکەنەوە، چی بە شێوەیەکی دیکە دەکەن؟**

**سیامەند موعینی:** ئەگەر سادە چاوی لێبکەی دەڵێین پژاک، هەر وەک حیزبەکانی دیکەیە و دەسەڵاتخواز و دۆگماتیکە و ئەگەر ئێستاش نەبێت لە داهاتوودا توشی ئەو نەخۆشیانە دەبێتەوە. مرۆڤ ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە بەڵام من پێم وایە هاوکات کە ڕەنگە کۆمەڵێک دۆگماش هەبێت بەڵام هاوزەمان پویا و زیندووە و کراوەیە بۆ نۆژەن بوونەوە لە هەموو بوارەکاندا. ئەو خاڵە ئیتر هەموو کەمایەسییەکان وەپاش دەدات. پژاک نەهاتووە دەسەڵات بگرێتە دەست بەڵکوو دەخوازێت پێشەنگی بکات کۆمەڵگە مودیریەت و ڕێوەبەری

**کۆمەڵگە؛ سەرەوەی پرۆژەی حیزب**

**لە قۆناغی دیموکراتیکدا شێوازی کار و ڕۆڵی حیزب دەبێت بگۆڕێت؛ کۆمەڵگە خۆی دەبێت خاوەنی دامەزراوەکانی بێت و هیچ پرۆژەیەک نابێت لەسەر ویستی کۆمەڵگە بسەپێنرێت**

خۆی بە دەستەوە بگرێت. هەموومان دەبێ تێبکۆشین لەراستای پێشکەوتنی کۆمەڵگە کار بکەین و ئەوکات پژاک دەتوانێت ببێتە هێز و پوتانسیەلێکی بەتوانا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی مێژوویی خۆی.

**ئەگەر خەڵک لەگەڵ پرۆژەی ئێوە هاوڕا نەبن، چی؟**

**ئەڵتەرناتیڤ: با وا دابنێین**

**ڕۆژێـک بارودۆخێکـی بـە تـەواوی ئـازاد و دیموکراتیـک دروسـت دەبێـت و خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دەتوانـن بەبـێ فشـاری دەسـەڵات، حیزبـەکان یـان هێـزە دەرەکییـەکان لەسـەر داهاتـووی خۆیـان بڕیـار بـدەن؛ بـەڵام زۆرینـەی کۆمەڵگـە مۆدێلێکـی جیـاواز لـە پـڕۆژەی سیاسـیی پژاک هەڵبژێـرن. ئایـا پـژاک بەبـێ مەرج بڕیـاری کۆمەڵگـە قبـووڵ دەکات و ئامادەیـە پـڕۆژەی خـۆی بگۆڕێـت؟ لـە کۆتاییـدا بـۆ پـژاک کامیـان لـە سـەرووی ئـەوی دیکەیـە: پـڕۆژەی حیـزب یـان ئیـرادەی کۆمەڵگـە؟**

**سـیامەند موعینـی:** ئێمـە ئێسـتا لـە قۆناخـی تێکۆشـان بـۆ ئـازادی دایـن و لـەم قۆناخـەدا تـا کۆمەڵگـە ئـازاد دەبێت، پێویستە شـێوازی تێکۆشان و دیسیپلینی حیزبـی بـە پێـی ڕەوش پارێـزراو بێـت. لـە قۆناخـی ئـازادی و لـە نـاو کۆمەڵگەی خۆمانـدا، ئیتـر میکانیزمـەکان دەگۆڕدرێن و قۆناخێکـی نـوێ و شـێوازی مودیریـەت و بەڕێوەبـەری تـەواو دەگۆڕدرێـت و بـە پێـی ڕەوش و داخوازیەکانـی کۆمەڵگـە دادەڕێژرێتـەوە و کۆمەڵێـک دەزگا و ئیـدارە کـە بـۆ بەڕێوەبردنـی کۆمەڵگـە سـاز دەکرێـن و دەکەونـە کارەوە و ئیتـر ڕۆڵـی حیـزب پێویسـتە بگۆڕدرێـت و بـە پێـی ڕەوشـی نـوێ خۆی فـۆڕم بداتـەوە

لـە کۆمەڵگەیەکـی دیمۆکراتیکـدا هەرکـەس مافـی ئـازادی تـاک و بـە کۆمەڵـی هەیـە و دەتوانێـت لـە چوارچێـوەی هاوپەیمانـی کۆمەڵایەتـی دا بانـدۆر و تەئسـیری خـۆی هەبێـت و بـۆ سەرڕاسـت کردنـەوە و بەرەوپێـش بردنـی کۆمەڵگـە ڕۆڵ و مسـیۆنی خـۆی دەبێـت. ئەگـەر ئـەو کات پژاک پـڕۆژەی هەبێت و گـەڵ خوازیـاری ئـەو پرۆژەیـە نەبـن ئەوە بەشـێکە لـە تێکۆشـان و ئـەوەش گرنگـە کـە لێکدانەوەیەکـی پسـپۆرانە لەسـەر پڕۆژەکـە بکردرێـت کـە ئایـا ئـەو پرۆژەیە ڕئالسـتیکە و بـە قازانجـی کۆمەڵگەیـە یـان ئـەوەی کـە زەرەری هەیـە. بۆیـە پێویسـتە هـەر لـە دەسـتپێکەوە سـازی و نەهـادی دیمۆکراتیـک لەلایـەن خەڵکەوە لەنـاو کۆمەڵگـە سـاز بکرێـت کـە خەڵکی گـەڕەک، شـار یـا گونـد بۆخۆیان خـاوەن ئـەو نەهادانـە بـن و بـۆ خۆیـان بەڕێـوەی ببـەن



ALTERNATIVE

POLITICAL, IDEOLOGICAL & SOCIAL MAGAZINE

آلترناتیو

مهر ۱۴۰۵

سال چهاردهم/ دوره‌ی چهارم/ شماره پانزدهم